# بەناوی خوای بەخشندە و میهربـان

## یەكێتی دادوەرانی هەرێمی كوردستـان / عیراق

### - ئە نجومەن -

پاڵپشت بەودەستەڵاتەی به ئەنجومەنی یەكێتی دراوە لە لایەن دەستەی گشتی یەكێتی و به پێی دەقی ماددەی هەشت / یەكەم لە یاسای یەكێتی دادوەرانی هەرێمی كوردستانی عیراق ژمارە ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٦ و بۆ روونكردنەوەی دەقەكانی یاســای ناوبـراو ئـەم پەیـــڕەوە ( نظامه ) لە ٢٠٠٨/٥/١٩ دەركرا:-

**ماددەی یەكەم :-**

دەقەكانی ئەم پەیڕەوە ( نظامه ) بە بەشێكی تەواوكەری دەقەكانی یاسای یەكێتی دادوەرانی كوردستانی عیراق ژمارە ١٦ ساڵی٢٠٠٦ دەژمێردرێت ٠

**ماددەی دووەم :-**

ئەنجومەنی بەرێوەبردنی یەكێتی بۆی هەیە رێنمایی دەركات بەپێ ی ماددەی هەژدەهەم لە یاسای یەكێتی دادوەرانی كوردستان بۆ ئاسانكردنی جێبەجێكردنی یاساكە .

**ماددەی سێ یەم :-**

سەرۆكی ئەنجومەن بە زۆرینەی سادە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و هەڵدەبژێردرێت ٠ هەموو ئەو دەستەڵاتانەی هەیە كە لە یاسا كە پێیداون ، یان ئەوەی لە لایەن ئەنجومەنەوە پێ ی دەدرێت ٠خۆی یان نوێنەری نوێنەرایەتی یەكێتی دەكات لە بەردەم دادگاو فەرمانگە و لایەنە پەیوەندارەكان ٠

**ماددەی چوارەم :-**

جێگری سەرۆك كارەكانی سەرۆك ئەنجام دەدات و دەسەڵاتەكانی پەیڕەو دەكات لە كاتی ئامادە نەبوونیدا یان چۆڵ بوونی شوێنەكەی لەبەر هەر هۆیەك بێت ، بەهەمان شێوەی ناوبراو لە ماددەی سێ دا هەڵدەبژێردرێت ، و سەرۆك بۆی هەیە هەندێ دەسەڵاتی پێبدات ٠

**ماددەی پێنچەم:-**

لێژنە بۆ لقەكانی یەكێتی لە پارێزگاكانی هەرێم دادەمەزرێت لە سێ ئەندامی بنەڕەت و یەدەكێك پێك دێت ، دادوەرانی پارێزگا هەڵیاندەبژێرن و ئەوەی زۆرینەی دەنگەكان بە دەست دێنێت دەبێتە سەرۆك .

**ماددەی شەشەم :-**

سەرەڕای بارەگای سەرەكی ئەنجومەنی یەكێتی، هەر لقێك بارەگای تایبەتی خۆی دەبێت لە ناوەندی ئەو پارێزگایەی لقەكەی تێدایە ٠ وئەنجومەن بۆی هەیە بڕیار بدات كە بارەگای لق لە هەولێر بگوازرێتەوە بۆ بارەگای ئەنجومەنی یەكێتی بەهەرهۆیەك بێت ٠

**ماددەی حەوتەم :-**

أ٠ئامانجی یەكێتی سەروەری یاسایە و پشتگیری كردنە لە جێبەجێكردنی بە دروستی لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆی و شكۆمەندی و دادوەری و دابینكردنی مافی دادوەران و پاراستنی ناوبانگیان و بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و گوزەرانیان ، دابینكردنی نوێترین ئامرازی خزمەتكردنی دادپەروەری ،

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائیعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

هاوکاری کردن لەگەڵ دەســـەلاٌتی یاسا دانان و جێبەجێکردن و ئەنجومـەنی دادوەری هەرێمی کوردســـتان بۆ هێنانەدی دادپەروەری و کردنەوەی بنکەی رۆشنبیری و رێزگرتن لە مافەکانی مروڤ و یەکێتی بیری یاسایی و چوونە ریزی یەکێتیە هاوشێوەکان ، کۆڕو کۆنگرە بەستن کە لە خزمەتی ئامانجەکانی بێت ٠

ب٠یەکیتی بەرگری لەمافی ئەندامەکانی دەکا لە کاتێکا روبەڕووی ناعەدالەتی وکاری ( تعسفی ) بکرێتەوە چ لە سەپاندنی سزای انضباطی بە سەریدا یان گواستنەوەی ٠

**ماددەی هەشتەم :-**

مەرجەکانی ئەندامێتی :

أ- دادوەر بێت لە دادگاکانی هەرێم وبەردەوام بیٚ لە کارەکەی ، یان ڕاسپێردرابێت کارێکی تر بکات لەگەل مانەوەی سیفەتی دادوەری یان دادوەر بێت لە یەکێك لە داگاکانی حکومەتی فیدرال ٠

ب- دادوەری خانەنشین بێت ٠

ج- ئەندامی داواکاری گشتی بێت و ڕاسپێردرابێت بە کاری دادوەری ٠

د- ئابوونەی هاتنە ریز و بەشداربوون بدات بەبڕی ( ٤٠٠٠٠ ) چل هەزار دینار بۆ یەکجار کاتی هاتنە ریز وبڕی ( ٦٠٠٠٠) شەست هەزار

دیناربۆ بەشداربونی سالاٌنە وئەنجومەن بۆی هەیە بڕی ئەو پارانە بگۆرێت گەر پێویستی کرد٠

ه – نـــاو ناوبانگی باش بێت ٠

و- پاراستنی شکۆمەندی دادوەری و دوورکەوتنەوە لەهەر کارێك گومان بۆ رفتارو و هەڵسوکەوتی دروستکات و دەبیٚ پابەندی یاســاو پەیڕەو رێنماییەکان بێت ٠

ز- داوایەکی نوسراو پێشکەش کات بە یەکێتی بۆ هاتنە ریزی ٠

**ماددەی نۆیەم :- لە دەستدانی ئەندامیەتی**

ئەندامیتی لەم حاڵەتانە دا لە دەست دەدرێت :

أ- مردن ٠

ب- دەست کێشانەوە ٠ کە دەبیٚ بە نووسراوێیکی ئیمزا کراو بی ٚ لە ئەندامەکە خویەوە بۆ سەرۆکی یەکێتی دادوەران ، و لە سەر قبول کردن ناوەستی وە لە رۆژی پێشکەشکردنەوە کۆتایی بە ئەندامیەتی دی ئەگەر لە ماوەی سیٚ رۆژدا لەکاتی پێش کەش کردنیەوە دەست لە کار کێشانەوە کەی رانەکێشێتەوە بە نووسراوێکی ئیمزا کراوی خۆی ، وە ئەم دەست کیشانەوەش رێگر نی یە لە ماڤ بوونەوە بە ئەندام لە دەورەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو ٠

ج- لە دەستدانی پۆستی دادوەری ویان کۆتایی پیٚهێنانی خزمەتی لەبەر هەر هۆیەك بێت ٠

د- سەرپێچی کردنی برگەی سی ٚهەم لەماددەی ( ١٠ ) لە یاسای یەکێتی دادوەرانی کوردستان ٠

هـ- بڕی بەشداربوونی سالاٌنە نەدات ٠

و- دەرچوونی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لە ئەنجومەنی یەکێتی بە دەرکردنی ، لەم حاڵەتەدا بۆی نی یە جارێکی تر بێتەوە ریزی یەکێتی ٠

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


www.mojkudistan.com

**ماددەی دەیەم :-**

لێژنەکانی ئەنجومەن :-

أ- **لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە** بە سەرۆکایەتی جێگری ئەنجومەن وئەندامێتی دوو لە ئەندامانی و ئەرکی هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەن و لایەنەکانی پەیوەندار و فەراهەمکردنی کەشی لەبار بۆ کۆبونەوەکان و چالاکی یە پێویستەکانی ئەنجومەن

ڕێکخستنی کارەکانی وە کردنەوەی خول وسازدانی کۆنفراس و سمینار و کۆڕی یاسایی و بە دواداچوونی جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی دادگا بە نووسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار و دادگا و لیژنەش بۆی هەیە پشت بە هەریەك لە ئەندامانی لق یان یەکێتی ببەستێت و بەشێك لە ئەرکەکانی پێ بسپێرێت بۆ ئاسانکردنی کارەکان ٠٠٠هتد ٠

ب- **لێژنەی دارایی :** لە سەرۆکی ئەنجومەن و دوو ئەندام پێك دێت ، بەئەرکی ڕێکخستنی بودجە وکـــاروباری دارایی ٠ هەڵدەسێت لەگەل هەر کارێکی تری پەیوەندیدار بەو لایەنەی یەکێتی یان ئەنجومەن ج- **لێژنەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری :** لە سەرۆك و دوو ئەندام پێك دێت ، لە ئەندامانی ئەنجومەن بە بڕیاری ئەنجومەن دەسنیشان دەکرێن و ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکێتی یارمەتییان دەدەن بۆ ئەو مەبەستە ، لەوانەی شارەزان لە کاروبارەکانی توێژینەوەی یاسایی و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە ٠ ئەرکی بڵاوکردنـەوەی رۆشنبیری یاسـایی وەدەرکردنی بڵاوکراوەی دادوەری و ئامادەکرنی بەرنامە و وانە بۆ خولە کانی ڕاهێنان دەگرێتە ئەستۆ و لەگەڵ بەشداریکردن لە ئامادەکردنی پرۆژە یاساییەکان کاتێ داوای لێکرا لە لایەنە پەیوەندارەکانەوە ٠

**ماددەی یازدەم :-**

أ- لەکاتی پێویست لێژنەی لێکۆلینەوە ، پێك دەهێندرێت لە لایەن ئەنجومەنی یەکێتی بە سەرۆکایەتی ئەندامێکی یەکێتی و ئەندامێتی دوو لە ئەندامەکانی بۆ لێکۆلینەوە لەو سکالاَ و سەرپێچیانەی ئەنجومەن بڕیار دەدات ئەندامەکەی لەسەر بدرێتە لێکۆلینەوە ٠

ب- لێژنە راسپاردە بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجومەن بە مەبەستی سەپاندنی یەکێك لە و سزایانەی لەم پەیڕەوەدا هاتووە ٠

**ماددەی دوازدەم :-**

یەکەم / ئەنجومەن دەسەڵاتی سەپاندنی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە :-

أ- سەرنج راکێشان : بە نووسراوێك لە لایەن ئەنجومەنەوە ئاراستە دەکرێت ، تیایدا ئاماژە بە سەرپێچیەکە دەکرێ و فەرمان دەدرێ بە دوو بارە نەکردنەوەی ، لە لایەن ئەندامەکە ٠ بڕیاری ئەنجومەن لە م باریەوە یەکلاکەرەوەیە ٠

ب- وریا کردنەوە : نووسراوێك ئاراستە دەکرێت تیایدا ناوەڕۆکی ورياکردنەوەکەی تیا دەنوسرێت ، دەبێتە هۆی هەڵواسینی ئەندامیەتی ئەندامەکە بۆ ماوەی سێ مانگ ٠

ج- دەرکردن : کۆتایی بە ئەندامیەتی دەهێنرێت لە یەکێتیەوە ، لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەسەپێنرێت :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

٠١ ئاراستە کردنی دوو ووریاکردنەوە لە ساڵێکدا بۆ ئەندامەکە ٠

٠٢ئەندامەکە کارێکی نەشیاو یا ئابروبەری وای کرد بێت کە زیان بە شکۆداری ئەندامێتی و ناوبانگی دادوەری بگەینێت ٠

٠٣دەرچوونی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بەسەر ئەندامەکە لە تاوانێکی ئابڕوبەر ٠

د- بڕیارەکانی ئەنجومەن دەکرێ تانەی لێبدرێ لە سزاکانی ووریاکردنەوە یا دەرکردن لای دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ماوەی سی (٣٠ )رۆژدا لەلایەن ئەندامەکەوە لە رۆژی دووەمی پاش ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە ، هەروەها بۆ سەرۆکی یەکێتی هەیە تانە لە بڕیاری رەتکردنەوەی سزا بدات لە هەمان ماوەدا ٠

ه- وێنەیەکی بڕیاری سزدان لە دۆسیەی کەسی ئەندامەکە هەڵدەگیرێت و دانەیەکی دەنێردرێتە ئەنجومەنی دادوەری بە نووسراوێك لە سەرۆکی ئەنجومەنەوە و پێشنیاز دەکا کە رەچاو کرێ لە پلە بەرزی و پۆلە بەرزی ئەندامەکە یان سەپاندنی هەر سزایەکی انضباطی بەسەریادا ٠

دووەم / بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبردن هەیە ئاگاداری ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بکات لە هەر کارێك کە دادوەر دەیکا و لەگەڵ جێگە و پێگەی پیشەکە وکەرامەتی دادوەری نە گونجێ یان گومان لە پاکی و بێ لایەنی بکات با دادوەرەکە ئەندامی یەکێتی دادوەرانی کوردستانیش نەبێ ٠

**ماددەی سێ زدەم :-**

لێژنە لێکۆڵینەوەکانی بەپێ ی یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی ژمارە ٢٣ ساڵی١٩٧١ جێبەجێدەکات ، و لێکۆڵینەوە نهێنی دەبێت و پێویستە ئەندامەکە خۆی ئامادەبێ لەکاتی لێکۆڵینەوە و مافی گرتنی پارێزەریشی هەیە بۆ بەرگری لەخۆی ٠

**ماددەی چواردەم :-**

شێوازی هەڵوەشاندنەوی یەکێتی بە پێ ی یاسای یەکێتی دەبێت .وە هەڵوەشاندوەش مانای هەڵوەشانەوەی یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان و هەموو لقەکانیەتی لە هەر شارێك بێت .

**ماددەی پازدەم:-**

ئەم پەیڕەوە لە هەولێر لە رێکەوتی ١٤ ی جمادی یەکەمی ١٤٢٩ کۆچی بەرامبەر لە ٢٠٠٨/٥/١٩ ی زاینی نووسراوە ولە رۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێ و ، لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بلاْو دەکرێتەوە ٠

**دادوەر**

**رزگار محمد امین**

**سەرۆکی یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.moikudistan.com